# راگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی ئاسایی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

ڕۆژانی 8و9ی حوزەیرانی 2006 بە بەشداری زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو بەئامادەبوونی ڕێبوار ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیو هەیئەتێکی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیستو ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە وەکو میوان بانگهێشت کرابوون، مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست.

سەرەکیترین خاڵەکانی بەرنامەکاری کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بریتی بوو لە راپۆرتی کارو چالاکییەکانی حیزب لە مەیدانە جیاجیاکانداو هەڵسەنگاندنی، دواپێشهاتە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقو ئەرکەکانی حیزب، کێشمەکێشی نێوان ئەمەریکاو ئێرانو ئەگەرەکانی شەڕو کاریگەری لەسەر وەزعی عێراقو ناوچەکە، کۆنگرەی ئازادی عێراقو پێشڕەویو ڕێگرەکانیو...

لە بەندی دواپێشهاتە سیاسیەکانی وەزعی سیاسی عێراق، کۆبوونەوەکە پێی لەسەر ئەوە داگرت کە حکومەتی تازە پێکهاتووی مالکی نەك هەر ناتوانێ وەڵام بە گرفتە ئەسڵییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای عێراق بداتەوە، بەڵکو بەوپێیەی کە ئەمیش وەك حکومەتە کاتییەکانی پێش خۆی لەسەر بنەمای دابەشکردنی قەومیو تائیفی دامەزراوە، جگە لە قووڵکردنەوەی قڵشتی تائیفیو قەومیو درێژەدان بە هەلومەرجی نائەمنی عێراق شتێکی لە دەست نایەتو لەبەرامبەر ئەم گرفتانەدا دەستەوەستان دەبێت، وە نەك ناتوانی جگیری سیاسیو ئەمنیەت دابین بکات بەلکو بۆخۆشی دەوری دەبیت لە بەردەوام بوونی نائارامی سیاسیو نەبونی ئەمنیەتدا.

دەربارەی کیشمە کیشی ئەمریکاو ئیران کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی باسی لە سیاسەتی شەڕخوازانەی ئەمەریکاو ئامانجەکانی ئەمەریکا لەم شەڕەدا کرد. کە چۆن ئەمەریکا بەمەبەستی سەپاندنی خۆییو بالادەستیی بە سەر جیهاندا پێویستی بە بەهانەگرتنە بە جمهوری ئیسلامی ئێران، وە حکومەتی ئێرانیش پرۆژەی چەکی ئەتۆمی بووەتە مەسەلەیەکی گرنگ بۆی بەمەبەستی دیفاعکردن لە خۆی لەبەرامبەر هەڕەشەکانی ئەمەریکادا. کۆبوونەوەکە سیاسەتەکانی ئەمەریکای لە بەرامبەر ئیراندا بە مایەی ویران کردنو شیواندنی وەزعی ئیرانو ناوچەکە لە قەڵەمدا. ئەمەریکا بۆ بردنەپێشەوەی سیاسەتەکانی هیچ بەلایەوە گرنگ نییە کە ئێرانیش بخاتە ناو سیناریۆیەکی رەشتر لەوەی عێراقەوە کە کاریگەرییەکی زۆر زیانبارتر لەسەر عێراقو قووڵبوونەوەی سیناریۆی رەش لە عێراقو هەروەها تێکڕای ناوچەکە دادەنێت، بۆیە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بە هەموو هێزو توانایەوە لە دژی ئەم شەڕەو سیاسەتەکانی ئەمەریکا دەوەستێ.

سەبارەت بە جیگەو ریگەی کۆنگرەی ئازادی عیراق کۆبوونەوەکە پێشڕەوییەکانی کۆنگرەو دروستکردنیماڵی جەماوەر لە چەند ناوچەیەکی شاری بەغداو چالاکییەکانی ئەم دواییەی کۆنگرەی ئازادی عێراقی لە شاری بەسرەی، بەرزنرخاندو بە ناوکۆکەو سەرەتایەکی ئومێدبەخشی دانا بۆ دامەزراندنی هێزی ئەمان. هەورەها دەسکەوتەکانی کۆنگرەی ئازادی عێراق لە دەرەوەی وڵاتو بەتایبەتیش بە ئەنجامگەیشتنی پرۆژەی دانانی کەناڵی تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کۆنگرەی بەرزنرخاند. وە لە کەموکوڕی کارەکانی کۆنگرەی کۆڵییەوەو نەخشەیەکی بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی کارەکانی دارِشت.

مەکتەبی سیاسی دوای دوو ڕۆژ کاری چڕوپڕو تەواوکردنی سەرکەوتووانەی بەرنامەکارەکەیو بە هێشتنەوەی ئەمجەد غەفور وەك سەرۆکی مەکتەبی سیاسیو هەڵبژاردنی هاورێیان (سەمیر عادل، موئەیەد ئەحمەد، ئازاد ئەحمەد، سامی حسن، قاسم هادی، فالح مەکتوفو ئازاد ئەحمەد) وەك دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی کۆتایی بەکۆبونەوەکەی هێنا.

**مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/6/11